**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٧٠٣ لە ٢٠٢٦/٢/٢٦**

**فەرمان**

پشتبەست بەحوکمەکانی (بەشی چوارەم) لە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٢٠، و ئاماژە بە بڕگەی (دوازدەیەم) لە تەوەری چاکسازیی هاتوو لە هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی هاوبەشی لیژنەی پێکهاتوو بە فەرمانی جەنابی سەرۆک وەزیران ژمارە (١٩٤) لە ٢٠٢٦/١/١٩، و فەرمانی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (٢٢٥) لە ٢٠٢٦/١/٢١، و بەمەبەستی یەکخستنەوەی سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگە لەچوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنی سیستمی بەرگری، و بەمەبەستی دەستنیشانکردن و تەخویلکردنی دەسەڵاتی پێویست بۆ فەرماندەی فەرماندەیی هەردوو دەڤەری (١) و (٢)، بڕیارماندا بە دەستنیشانکردن و تەخویلکردنی دەسەڵاتەکان بۆ فەرماندەی فەرماندەیی دەڤەرەکان لە بوارەکانی (کارگێڕیی، یاسایی، دارایی) بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: دەسەڵاتە کارگێڕییەکان:**

١- پێشنیارکردنی ئەفسەر بۆ وەرگرتنی پایە لەبارەگای فەرماندەیی دەڤەر وەک پایەکانی (فەرماندەی فیرقە، جێگری فەرماندەی فیرقە، سەرۆک ئەرکانی فیرقە، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکان، فەرماندەی لیوا).

٢- ڕاسپاردنی ئەفسەر بۆ بەڕێوەبردنی پایەی (فەرماندەی فیرقە و خوارووتر) بەوەکالەت لەکاتی (مۆڵەتدانی ڕەسەنەکان یان شاندکردنیان ....هتد) بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ زیاتر نەبێت.

٣- گواستنەوەی کەسەکان (ئەفسەران، کارمەندان) لە فەرماندەیی دەڤەر بۆ دەستەبەر کردنی هاوسەنگی لە توانای شەڕکردن جگە لەوانەی لەپایەی فەرماندەی پێکهاتەکان و فەرماندەی یەکەکاندان وەك ئەوەی لە بڕگەی (١) دا هاتووە.

٤- شاندکردنی ئەفسەران و کارمەندان بۆ ناو (هەرێمی کوردستان و عێراق) بۆ هەستان بە ئەرکی فەرمی.

٥- پێکهێنانی لیژنەکانی بەردەوام و کاتی بەپێی پێویستی.

٦- دەرکردنی پلانی کار بۆ کارگێڕی لەژێر ڕۆشنایی پێویستییەکانی ئۆپراسیۆن.

٧- دەرکردنی فەرمانی خەرجکردنی ئازووقەی فریاگوزاری و کەلوپەل و پێداویستی دیکە لەکاتی باری لەناکاو لە چوارچێوەی هەبووەکانی فەرماندەی دەڤەر.

٨- دەسەڵاتی فەرماندەی دسپلین (امر ضبط) بەسەر ئەفسەران و کارمەندانی (تاک و خۆبەخشەکان) فەرماندەیی و ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتیدان.

٩- پەسندکردنی ڕاپۆرتەکانی نهێنیی ساڵانە بۆ ئەندامانی فەرماندەیی لە ئەفسەران.

١٠- ڕاگرتنی سەرمووچەی ساڵانە بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.

١١- پەسندکردنی ڕاپۆرتی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.

١٢- پلە بەرزکردنەوەی سەرجەم کارمەندان تاکو پلەی (ن.ض.د.م) بەپێی یاسای ڕاژە و خانەنشینی پێشمەرگە ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٧، یان یاسای ڕاژە و خانەنشینی سەربازی ئتیحادی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ و ڕێنماییە بەرکارەکان، بەپێدانی دەسەڵات لەلایەن وەزارەت.

١٣- پێدانی مۆڵەتی ئاسایی بە ئەفسەران و کارمەندان لەناو هەرێم و دەرەوەی هەرێم بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بە مووچەی تەواو و بۆ ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ بەبێ مووچە بەپێی ڕێنماییەکان.
١٤- ئاڕاستەکردنی نووسراوی پشتگیری بۆ بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانی حکومی لەسەر داوای ئەفسەران و کارمەندان، تا ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بانکەکان.
١٥- ئاڕاستە کردنی نووسراو ڕاستەوخۆ بۆ فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارە ت.
١٦- ئاڕاستە کردنی نووسراو بۆ فەرمانگەی جێبەجێکردن (دائرة التنفیذ).
١٧- دروستکردنی دەرخستە لە ئەشغال و نیشتە جێکردن بەپێی دەسەڵاتی دارایی.
١٨- پێدانی مۆڵەتی دووگیانی بە فەرمانبەرانی ئافرەت پێش و دوای لەدایکبوون، و پێدانی مۆڵەتی دایکایەتی بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان.
١٩- پێدانی ماف و ئیمتیازات و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ فەرمانبەرانی مەدەنی دەڤەر بەپێی یاسا و ڕێنمایی بەرکارەکان.
٢٠- دامەزراندن بەشێوەی گرێبەست دوای ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران.
٢١- پێکهێنانی لیژنەکانی کردنەوەی گرێبەست و شیکردنەوەی گرێبەست لەلایەن فەرماندەیی دەڤەر.
٢٢- دەرکردنی فەرمانی کارگێڕی بۆ دیاریکردنی ڕێژەی نەسریەی تەڕییە و وشکە لەلایەن فەرماندەیی دەڤەر.
٢٣- دەسەڵاتی بەکاربردن (استخدام) ئەفسەران و پلەداران لە ناو فەرماندەی دەڤەر بەپێی مەرج و ڕێکارە سەربازییەکان.
٢٤- هەر دەسەڵاتێکی دیکە کە لەلایەن وەزیری پێشمەرگەوە پێیان دەدرێت کە لەدەسەڵاتی وەزیر بێت لەچوارچێوەی یاسا بەرکارەکان.

**دووەم: دەسەڵاتە یاساییەکان:**

١-پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی لێکۆڵینەوە بەپێی ئەو حاڵەتانەی بڕیاریان لێدراوە لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی سەربازی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٧ بەرکار لەهەرێمی کوردستان.
٢- هەواڵەکردنی تۆمەتباران بۆ دادگاکانی سەربازیی و پێداچوونەوە بەو بڕیارانەی لە دژیان دەرچووە.
٣- داواکردن لە وەزیری پێشمەرگە بە دووبارە دادگاییکردنەوە لەو دۆسیێیانەی تاوان یان کەتن کە بڕیاری کۆتاییان دەربارە ی دەرچووە لەکاتی هەبوونی یەکێك لەو حاڵەتانەی لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی سەربازی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٧ هاتووە.
٤- فەرماندەی دسپلین (امر ضبط) بۆ ئەفسەر و کارمەند و فەرمانبەرانی فەرماندەیی بۆ سزادانی سەرجەم ئەوانەی لە ژێر فەرمانیدان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سزایی وەك لە یاسای سزادانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ هاتووە.
٥- سزادانی ئەفسەران و کارمەندانی سەرپێچیکار بەپێی دەسەڵاتەکان و یاسای سزادانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧.
٦- داخستنی دۆسیێیەکانی لێکۆڵینەوە پاڵپشت بە بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەنجومەن و لیژنەکانی لێکۆڵینەوە بەپێی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی سەربازی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٧.
٧- جێبەجێکردنی فەرمان و بڕیارەکانی دەرچوو لە دادگاکان و لایەنە مۆڵەتپێدراوەکان دژی ئەفسەران و کارمەندان و فەرمانبەرانی فەرماندەیی.
٨- پێدانی دەسەڵاتی دادنووس بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٩- ئەنجامدان و واژووکردنی گرێبەستەکان دوای ڕێکارەکانی لیژنەی کردنەوە (لجنة الفتح) و لیژنەی شیکردنەوە (لجنة التحليل).

**سێیەم: بودجەی مانگانە و یەکەی ژمێریاری و دەسەڵاتە داراییەکان:**

١- بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی هەرێم تەمویلی هەژماری سەرەکیی وەزارەتی پێشمەرگە دەکرێت، و دواتر لە وەزارەتی پێشمەرگە چەند هەژمارێکی تایبەت و لاوەکی بۆ فەرماندەی دەڤەرەکان و یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دەکرێتەوە بۆ ئەوەی بڕی پێشینەی مانگانەی هەر یەکەیەک لەو هەژمارانە دابنرێت بۆ خەرجیی ڕۆژانەیان و دەسەڵاتی جووڵەپێکردنی هەر هەژمارێکی لاوەکیی لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگە ڕێگەپێدراو دیاری دەکرێت بەشێوەیەک کە دەسەڵاتی جووڵەپێکردنی هەژمارەکەیان هەبێت، و بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریی فەرماندەی دەڤەرەکان و یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لە کۆتایی هەر مانگێک تەرازووی پێداچوونەوە دەنێرن بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بودجە و بەرنامەکان (ژمێریاری سەربازی) لە وەزارەتی پێشمەرگە بەمەبەستی یەکخستنی و دواتر پێشکەشکردنی بە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٢- دەسەڵاتی خەرجییە خزمەتگوزارییەکان:

أ- هەموو شاندکردنێك بۆ دەرەوەی هەرێم لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیران دایە و پێویستە پێش شاندکردن ئەو ڕەزامەندییە وەرگیرابێت و دواتر کارەکانی شاندکردن ئەنجام دەدرێت و خەرجییەکانی لە فەرمانده‌یی دەڤەر جێبەجێ دەکرێت بەپێی ڕێنمایی دارایی.

ب- شاندکردنی ناوەوەی هەرێم (هەرێم - عێراق) پاش دەرکردنی فەرمانی فەرماندەیی دەڤەر دواتر خەرجییەکان جێبەجێ دەکرێت.

ج- گشت جۆری بەکرێگرتنی مانگانە (باڵەخانە، ئامرازی گواستنەوە، زەوی) لەلایەن فەرماندەیی دەڤەر جێبەجێ دەکرێت پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی وەزارەتی دارایی و ئابووری، خەرجییە کە لە فەرماندەیی دەڤەر خەرج دەکرێت بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی.

د- لەپێشینەی بەردەستی مانگانەی فەرماندەیی دەڤەر خەرجیی میوانداری خەرج دەکرێت.

هـ- خەرجیی بەشداریکردن لە خولەکانی مەشق و ڕاهێنان یان مەشقکردن بەپێی پلانی مەشقی ساڵانەی وەزارەتی پێشمەرگە کە لە سەرۆکایەتی ئەرکان فەرمانی پێدەردەچێت بەپێی پلان و خەرجییەکان بە دەسەڵاتی فەرماندەیی دەڤەر ئەنجام دەدرێت.

و- هەر خەرجییەکی دیکەی خزمەتگوزاری بەپێی دەسەڵاتی فەرماندەیی دەڤەر لە پێشینەی مانگانە خەرج دەکرێت بەپێی ڕێنمایی دارایی.

٣- دەسەڵاتی خەرجیی کاڵایی (مستلزمات سلعية):

أ- کڕینی (پەڕاوگە و چاپەمەنییەکان) لە چوارچێوەی پێشینەی مانگانەی فەرماندەیی دەڤەر بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی خەرج دەکرێت.

ب- خەرجی کرێی (ئاو و کارەبا) بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی و لەسەر بودجەی تایبەتی فەرماندەیی دەڤەر خەرج دەکرێت.

ج- دابینکردنی (سووتەمەنی) بۆ فەرماندەیی دەڤەر لەسەر بودجەی تایبەتی فەرماندەیی دەڤەر و بە دەسەڵاتی فەرماندەی دەڤەر خەرج بکرێت بەپێی ڕێنماییە داراییەکان دەبێت.

د- ئازووقەی دیکە وەك (کڕینی خواردنی تەڕییە، ئازووقەی وشکە وەك برنج، شەکر، هتد . . .).

هـ- پێشینەی کڕینی خواردنی تەڕییە بەپێی فەرمانی فەرماندەیی دەڤەر (قدر)ی مانگانەی (لیوا، فرقەکان) دیاری دەکرێت بەپێی میلاکی هەر یەکەیەك و بەپێی ڕێنمایی هەر پێشمەرگەیەك بەبڕی (٢،٠٠٠) دوو هەزار دینار بۆ یەك ڕۆژ دیاری کراوە ئەمەش خەرج دەکرێت لە فەرماندەیی دەڤەر بۆ فرقەکان بەپێی ڕێنمایی.

و- تایبەت بە (ئازووقەی وشکە) بۆ فەرماندەیی دەڤەر لەسەر بودجەی فەرماندەیی دەڤەر تەرخانی بۆ کراوە و بەپێی دەسەڵاتی فەرماندەیی دەڤەر خەرج دەکرێت بەپێی ڕێنماییە داراییەکان دەبێت.

ز- هەر خەرجییەکی دیکەی کاڵایی (سلعی) لە پێشینەی بەردەستی مانگانەی فەرماندەیی دەڤەر خەرج دەکرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی دارایی و بەپێی جۆری خەرجییەکان.

٤- دەسەڵاتەکانی خەرجیی چاککردنەوە (صیانة):

أ- خەرجیی چاککردنەوەی (ڕێگاوبان، ئاو و ئاوەڕۆ، کارەبایی، باڵەخانە) تاکو بڕی (١٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سەد ملیۆن دینار لە دەسەڵاتی فەرماندەیی دەڤەرە جێبەجێی بکات بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی.

ب- خەرجیی چاککردنەوەی (ڕێگاوبان، ئاو و ئاوەڕۆ، کارەبایی، باڵەخانە) کە بڕەکەی لە (١٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سەد ملیۆن دینار زیاترە وەزارەتی دارایی و ئابووری تەرخانی بۆ فەرماندەیی دەڤەر کردووە بەپێی دەسەڵاتی فەرماندەیی دەڤەر جێبەجێ دەکرێت.

ج- چاککردنەوەی (ئالیات، ئۆتۆمبێل، مکائن، ئامێر، هتد ...) کە تەرخانکراوی زۆرە بەشێوەیەکی مەرکەزی بەپێی دەسەڵاتی فەرماندەیی دەڤەر جێبەجێ دەکرێت.

د- ئەو خەرجییانەی پێویستی بە ڕەزامەندیی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەیە کە دەکرێت پاش تەرخانکردنی پارەی پێویست بۆ فەرماندەیی دەڤەر لە ڕێگای فەرماندەیی دەڤەر جێبەجێ دەکرێت.

٥- خەرجی سەرمایەداری (نفقات رأسمالیة):

أ- خەرجییەکانی پەیوەندیدار بە (باڵەخانە بەگشتی، ئامرازی گواستنەوە بە هەموو جۆرەکانی، ئالیات و مکائن، چەك و تەقەمەنی، کڕینی زەوی) پێویستی بە تەرخانکراو هەیە بۆیە لە ڕێگای وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی دارایی و ئابووری پارەی پێویستی بۆ دابین دەکرێت و دواتر ئەو خەرجییانە جێبەجێ دەکرێت.

ب- هەر خەرجییەک کە لە خەرجیی سەرمایەداری لەسەر پێشینەی دەڤەر خەرج دەکرێت بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی.

٦- خەرجیی پاداشت و هاوکاری (تبرعات وإعانات):

أ- بڕی (٢٠٠،٠٠٠) دووسەد هەزار دینار بۆ پلەی (پێشمەرگە تاکو ن.ض.د.م).

ب- بڕی (٢٥٠،٠٠٠) دووسەد و پەنجا هەزار دینار بۆ پلەی (ملازم تاکو نقیب).

ج- بڕی (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار بۆ پلەی (رائد تاکو مقدم).

د- بڕی (٤٠٠،٠٠٠) چوارسەد هەزار دینار بۆ پلەی (عقید تاکو عمید).

هـ- بڕی ( ٧٥٠،٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ پلەی (لیوا).

و- بڕی ( ٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێکی شەهیدبوون لەسەر پێشینەی دەڤەرەکان دەدرێت تەنها بۆ یەکجار.

ز- بڕی ( ١،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێکی بریندادربوون لەکاتی ئەرکبوون لەسەر پێشینەی دەڤەرەکان دەدرێت تەنها بۆ یەکجار.

٧- دە سەڵاتەکانی میرە:
أ- ڕەزامەندیدان لەسەر بەکرێگرتنی ئامرازەکانی گواستنەوەی جۆراوجۆر بۆ گشت مەبەستەکان بەپێی تەرخانکراوەکان.
ب- خەرجکردنی کەرەستەکانی گەرمکەرەوە بە تێر و تەسەلی لە کاتی پێویست پێش و دوای کاتی دابەشکردن لە کاتی ساردبوونی کەشوهەوا.
ج- کڕینی پێداویستیی خۆراك و سووتەمەنی بەهەموو جۆرەکانی بەپێی پێوانە و ڕێنمایی وەزاری.
د- خەرجکردن و بەکارهێنانی پارچەکان و بەرمیلی بەتاڵ و جلوبەرگی خوری و پەمۆ لە تەواوی فەرماندەیی.
هـ- پەسندکردنی کلێشەی ونبووەکان (١١٧).
و- پەسندکردنی مەزبەتەکانی لەناوبردن بەپێی کلێشەی (٣٤٤) و دابەزاندنی لە ئەستۆ.
ز- پەسندکردنی پلانەکانی پێویست بۆ نیشتەجێکردنی پێکهاتەکان و بارەگاکان لە شوێنی بەرپرسیارێتی دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەپێی تەرخانکراوەکان.
ی- تەرخانکردنی بڕی پێویست بۆ بەردەوامدانی (ادامة) و چاککردنەوەی ئالیات و ئامێر و کەلوپەلەکان و تەجهیزات بەپێی تەرخانکراوەکان.

**چوارەم: دەسەڵاتەکانی ڕاگەیاندن و هۆشیاری:**

فەرماندەی دەڤەر بەرپرسی ڕاستەوخۆیە لە یەکخستنی بیروباوەڕ لە سنووری فەرماندەیی دەڤەرەکان و گوتاری سەربازی و بەرزکردنەوەی توانای مەعنەوی و ڕێکخستنی میدیایی و هۆشیاری بۆ وەڵامدانەوەی هەر دەستوەردانێکی ناوخۆیی و دەرەکی، و خاوەنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە سەرجەم ئەرکەکانیدا، بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**أ- دانانی وتەبێژی فەرمی:**

لە سنووری ئەرکەکانی فەرماندەی دەڤەر و لە چوارچێوەی کاروبارەکانی پەیوەست بە ناوخۆیی فەرماندەی دەڤەر و یەکەکانی وتەبێژێکی دەبێت کە ڕێگەپێدراوی فەرمیی فەرماندەی دەڤەر دەبێت، و ڕاستەوخۆ فەرمان لە فەرماندەی دەڤەر وەردەگرێت، و هیچ کەس و لایەنێکی دیکە بۆی نییە بە ناوی فەرماندەیی دەڤەرەوە لێدوان بدات.

**ب- دەسەڵاتی بڕیاردان:**

فەرماندەی دەڤەر خاوەن دەسەڵاتە لە دەرکردنی بڕیار و ڕێنمایی بۆ سەرجەم فیرقە و لیواکان لە بوارەکانی (ڕێکخستن و یەکخستنی بیروباوەڕی سەربازی، ڕاگەیاندن و هۆشیاری) بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە.

**پێنجەم: ئەرکە ئۆپەڕاسیۆنەکانی ڕاگەیاندن و هۆشیاری:**

أ- بەشداریکردن لە داڕشتنی پرۆگرامی بیروباوەڕی پێشمەرگە و ئینتیمای نیشتمانی بۆ (خاك و خەڵك و ئاڵا).
ب- یەکخستنی ڕاگەیاندن و هۆشیاریی سەربازی و کۆنترۆڵکردنی هەموو ئەو زانیاری و وێنانەی کە لەناو فرقەکان و لیواکان و یەکەکان دەردەچن.
ج- بە بەردەوام کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سەربازی.
د- کردنەوە و ئەنجامدانی خولی هۆشیاری و دەروونی بۆ هەموو هێزەکان لە چوارچێوەی فەرماندەیی دەڤەر.
هـ- ڕوو بەڕووبوونەوە و وەڵامدانەوەی پڕوپاگەندەکان لە کاتی ئاشتی و شەڕدا.

و- کاردەکات بۆ چاپکردنی نامیلەکە و پرۆشەر و پۆستەر لە بواری ڕاگەیاندن و هۆشیاری سەربازیدا.
ز- لە بوارەکانی چاپەمەنی و دانانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەناوی دەڤەر پێویستە ڕەچاوی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەت بکرێت لەکاتی پێویستدا بە بڕیاری فەرماندەی دەڤەر لە هەر کار و چالاکییەک لەم بوارانەدا بکرێت.
ی- بەرپرسە لە ڕووماڵکردنی سەرجەم کار و چالاکییەکانی سنووری بەرپرسیارێتی دەڤەر و هاوکات ناردنی بۆ شانەی ڕاگەیاندنی وەزارەت بە مەبەستی بڵاوکردنەوەیان لە میدیای فەرمیی وەزارەت.
ک- فەرماندەی دەڤەر مافی هەیە ڕێگری لە هەر دەرکەوتنێکی میدیایی یان بڵاوکراوەیەک بکات کە بەمەترسی بزانێت بۆ سەر بیروباوەڕ و ئاسایشی هێزەکان، و لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنێت بۆ لێپرسینەوە لەو ئەفسەر و پێشمەرگانەی کە بە بەرگی سەربازی پەیج و ئەژماری تایبەتییان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دروستکردووە و دەردەکەون لە سنووری دەڤەر.

**شەشەم: دەسەڵاتی هەماهەنگی و پەیوەندییەکانی دەڤەرەکان:**

أ- لایەنی فەرمییە بۆ دروستکردن و ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هاوتاکانیان لە دامەزراوە مەدەنی و سەربازی و هێزە ئەمنییەکان.
ب- هەر پەیوەندییەکی فەرماندەیی دەڤەر لە ئاستی باڵا بە هەماهەنگیی وەزارەتی پێشمەرگە دەبێت.
ج- هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی فیدراڵی (القوات الاتحادية) یان لایەنی ئەمنی عێراقی لە ناوچەی گرنگ واتا (منطقة اهتمام)ی هاوبەش لە نێوانی هێڵی بڵاوبوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ سوپای عێراقی بۆ مەبەستی هەماهەنگیی ئۆپراسیۆن و هەروەها بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان (تبادل المعلومات) بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە.
د- ڕێکخستنی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیاریی نێوان بەڕێوبەرایەتی و یەکەکانی فەرماندەیی دەڤەر لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی و یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە.

**حەوتەم:** جێبەجێکردنی پرۆژەکان لە سنووری تەرخانکراوی دارایی و دەسەڵاتە داراییەکانی هاتوو لەم بڕیارە لەچوارچێوەی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکان دەبێت و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەیکەل و پێداویستی گونجاو بۆ ئەم بابەتە دیاری دەکات.

**هەشتەم:**

ڕاسپاردنی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێشکەشکردنی هەموو کارئاسانیی و ڕێنوێنییەک، و ئاڕاستەکردنی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە وەک خۆی دوور لە ڕۆتین و بەربەست، و دابینکردنی پێداویستییەکانی پیادەکردنی ئەم دەسەڵاتانە لە ڕووی ڕێکخستنەوەی یەکەی کارگێڕی و یاسایی و ژمێریاریی پێویست بەهەماهەنگی و ڕاوێژ لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدار و فەرماندەیی دەڤەرەکان.

**نۆیەم:**

سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**